# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢٢٧) لە ٢٠٢٣/٩/٢٠

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٦) لە ٢٠٢٣/٩/٢٠، و لەسەر پیشنیاری بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. جەختکردنەوە لە جێبەجێکردنی بڕیاری وەرگرتنی ڕەسمی گومرگی و ڕەسمی باجی گومرگی لە دەروازەی سنووری و خاڵە گومرگییەکان تەنها بە دراوی دیناری عێراقی دەبێت و پێویستە لە سەرجەم دەروازە سنوورییەکان و خاڵ و بنکە گومرگییەکان پارە بە دیناری عێراقی وەربگیرێت نەک (دۆلار) و لە کاتی سەرپێچییدا وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێکاری یاسایی پێویست وەربگرێت لە بەرامبەر کەسانی سەرپێچیکار.

٢. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران